# جاهیت شاهین یاڵچین نموونەی ئەکتەری سەرکەوتوو لە شانۆ و سینەما و دراما

مەنسوور جیهانی

جاهیت شاهین یاڵچین ئەکتەری ناوداریی باکووری کوردستان لەگەڵ (هانی) گۆرانیبێژی بەناوبانگی کورد، لە فیلمی سینەمایی «بێ نیشتمان» سێیەمین بەرهەمی بڵندی توورج ئەسلانی ڕۆڵی سەرەکی دەبینن.





فیلمی سینەمایی «بێ نیشتمان» -Land less لە نووسین و دەرهێنان و بەرهەمهێنانی سینەماکاری کورد توورج ئەسڵانییە و، بەرهەمی کۆمپانیای سینەمایی ماد مووڤی (MAAD Movie)یە، بەرهەمی هاوبەشی ڕەز هەڵکەوت ڕەشید لە هەرێمی کوردستان و بە ڕۆڵ بینینی سەرەکیی جاهیت شاهین یالڃین (CahitŞahin-Yalçın) ئەکتەری ناوداری باکووری کوردستانە، بڕیار وابوو لە ڕۆژی جەژنی قوربان واتە ٢٠ی جووڵای ٢٠٢١ و هەروەها لە ڕۆژانی دوایی لە سینەماکانی هەرێمی کوردستان نمایش بکرێت و لە درێژەشدا لە سینەماکانی شارەکانی دیکەی وڵاتی عێراقیش پەخش بکرێت.

«جاهیت شاهین یالڃین» لە ٢٠ ئەپرێلی ١٩٩٤ لە شاری ئامەد لەدایکبووە و لە سەردەمی دواناوەندی دەستی بە کاری شانۆ کردووە، دوای ماوەیەك کارکردن لە وڵاتی ئەڵمانیا، لە بواری ئەکتەریدا بەرەوپێشچوونێکی باشی بەخۆیەوە بینی و ماوەیەك لە ئەوروپا سەرقاڵی نواندن بووە، هاوکات لەسەر وەرزشەکانی جۆدۆ، تیرووکەوان و ...هتد کاری کردووە و ستایلی نواندنی خۆی بەهێزتر کردووە، ئێستا ئەکتەرێکی سەرکەوتووە و ماوەیەکی زۆریش لە بواری شانۆدا لەسەر گەشەسەندنی خۆی کاریی کرد، سەبارەت بە دراماتۆلۆژی و مامۆستای ئەکتەریی خوێندنەوەی زۆریی هەبووە.

جاهیت لە فیلمی (July 14) کە لە دەرهێنانی سینەماکاری کورد هاشم ئایدەمیر (Hashim Aydemir) و بە بەڕێوەبەرێتیی وێنەگرتنی توورج ئەسڵانی ڕۆڵی سەرەکیی بینی، کە لە پێنجەمین خولی فێستیڤاڵی نێودەوڵەتی فیلمی «دهۆك» لە هەرێمی کوردستان لە ساڵی ٢٠١٧ خەڵاتی باشترین ئەکتەری ئەم ڕووداوە سینەماییەی بەدەستهێنا.

لە ساڵی ٢٠١٨ لە دووهەمین بەرهەمی بڵیندی خۆییدا وەکوو ئەکتەر لە فیلمی سینەمایی «٩,٧٥» لە دەرهێنانی «ئۆلۆك بایراکتار» ڕۆڵی بینی، ئەم فیلمسازە دەرهێنانی بۆ پڕۆژە سەرکەوتووەکانی تەلەڤیزیۆنی تورکیا لەوانە: زنجیرە درامای «ئیزێل» Ezel لە ئەستۆدا بووە.

ئەم ئەکتەرە کوردە لە کورتە فیلمی گەڕانەوە ڕۆڵی سەرەکیی بینی، کە خەڵاتی فەخریی فێستیڤاڵی نێودەوڵەتیی فیلمی «پێنج کیشوەر»ی وڵاتی ڤەنزوێلای لە ساڵی ٢٠١٩ بەدەست هێنا، هەروەها ماوەیەکە سەرقاڵی نووسینی کتێبێکە، کە بەم زووانە لە وڵاتانی جۆراوجۆر چاپ و بڵاودەبێتەوە و، لە ئێستاشدا کار لەسەر سیناریۆی کورتە فیلمەکەی دەکات.

جاهیت شاهین یالڃین لە زنجیرە دراما ناودارەکانی تورکیادا وەك ئەکتەر ڕۆڵی بینیوە و لە ساڵی ٢٠٢١ لە زنجیرە درامای «هەرجایی» Hercai دەرەوشایەوە و بە لەبەرچاوگرتنی سەرکەوتنەکانی خۆی، لە ئاستی نێودەوڵەتییدا، بەو شانۆگەرییانەی کە لەسەر تەختەی شانۆ پێشکەشی کردوون، شانازییەکی زۆری بەدەستهێناوە و، لە زۆربەی بەرهەمە شانۆییەکاندا بە ناونیشانی دراماتۆلۆژ، ئەکتەر و دەرهێنەر بەشدارییەکی سەرکەوتوانەی هەبووە.

لە «بێ نیشتمان»دا کۆمەڵێك لە ئەکتەرە ناودارەکانی وڵاتانی تورکیا، سووریا، عێراق و هەرێمی کوردستان، بە چوار زمانی کوردی، تورکی، عەرەبی و فارسی لەگەڵ هانی موجتەهیدی کە تیایدا ڕۆڵی بینیوە، هەریەکە لە (شوان عەتووف، جاهیت شاهین یالڃین، بوڵەنت کاسێر، ڕێکێش شەهباز، بەنگین عەلی، بەڕۆژ ئاکرەیی، نارین محەمەدی، فرمێسك ڕەحیم زادە، هەکار عەبدولقادر محەمەد، تەها عەبدولکەرەم ئەبوبەکر، ڕواڵ ناڤگوندی، ئاسۆ ڕەفیق، هەورامان) و چەندین ئەکتەری دیکە ڕۆڵیان بینیوە.



# شاکیرا ڕێگا نادات منداڵەکانی گوێ لە گۆرانی بگرن



خانمە گۆرانیبێژی کۆلۆمبی شاکیرا رایگەیاند کە ڕێگا بە منداڵەکانی نادات گوێ لە گۆرانییەکانی بگرن، تەنانەت دەرفەتی ئەوەشیان پێ نادات کە گوێ لە مۆسیقاکانی بگرن و، سەیری ڤیدیۆکانیشی بکەن لە ماڵەوە.

ڕۆژنامەی (زە ئینتەرناشناڵ نیوز) بڵاوی کردەوە کە شاکیرا هەوڵ دەدات بە هیچ شێوەیەك منداڵەکانی گوێ لە گۆرانییەکانی نەگرن، چونکە ژینگەی ماڵەوەی تایبەتە و دەیەوێت منداڵەکانی ژیانێکی ئاسایی بژین و، هەست نەکەن کە لە کەشوهەوای ناوبانگیدا بن و، هەست بەوەنەکەن کە دایك و باوکیان کەسانی ناودارن.

شاکیرا لەو بارەیەوە دەڵێت: «من و جیرارد پیکێی هاوسەرم دوو کەسایەتیی ناسراوین، هەریەکەمان لە بواری خۆیدا، بەڵام بە هەموو توانایەکمەوە هەوڵ دەدەم کە ژیانی منداڵەکانمان لە ماڵەوە زۆر ئاسایی بێت و، بە هیچ شێوەیەك تێکەڵ بە کار و ژیانی دەرەوەی ئێمە نەبێت».

ئەوەشی ئاشکرا کردووە کە ئەم هەنگاوە بۆ ئەوەیە تا منداڵەکانی هەست بە ئازادی بکەن و بۆ ئەنجامدانی هیچ کارێك ناچار نەکرێن، تەنانەت ئەگەر گۆرانی و مۆسیقاکانی ئەویش بێت، بۆیە لەوبارەیەوە رایگەیاند کە لە ماڵەوە لەگەڵ پیکێش دەربارەی گۆرانی، یان کارە هونەرییەکانی گفتوگۆ ناکات، چونکە پیکێ رەخنەی زۆری لێ دەگرێت و هەر کە ڤیدیۆیەکی ببینێ ئیدی دەست دەکات بە رەخنەگرتن، چونکە هەندێك دیمەنەکانی بە دڵ نییە، بۆیە شاکیرا بە ناچاری پێی دەڵێت «واز لەم رەخنانە بێنە با چیتر گفتوگۆ نەکەین».

شاکیرا هەر بەوەش نەوەستاوە، بەڵکو پێش ماوەیەك رایگەیاند کە خۆیشی حەز ناکات لە ماڵەوە گوێ لە گۆرانییەکانی خۆی بگرێت، تەنانەت بەر لە ماوەیەك لە یەکێك لە چێشتخانەکاندا کاتێك گوێی لە گۆرانییەکی خۆی بوو، هەستی بە شەرمەزارییەکی زۆر کرد، ئەوەشی ئاشکرا کرد کە تەنیا لەسەر شانۆ و لە کۆنسێرتەکاندا گۆرانی تام و چێژی پێ دەبەخشن.

## هۆکاری ج



سەرەڕای ئەوەی کە تەمەنی پەنجا ساڵی تێپەڕاندووە، بەڵام تا ئێستا خانمە ئەکتەری ناسراوی بەریتانی (کاترین زیتا جۆنز) بە یەکێك لە جوانترین ئافرەتەکان دادەنرێت، کە جوانیی خۆی لەدەست نەداوە.



# شەمەندەفەرێکی خێرا ساندرا و براد کۆ دەکاتەوە

هەریەکە لەساندار پۆلۆك و براد بێت بەشداری لە فیلمێکی نوێدا دەکەن، بە ناوی (بۆلێت تراین/ شەمەندەفەری خێرا) کە سیناریۆکەی هاوشێوەی چیرۆکی نووسەری ناسراو (ئەگاسی کریستی)یە بە ناوی کوشتن لەسەر شەمەندەفەر.

فیلمەکە لە دەرهێنانی دیڤید لیتشە و لە رۆمانی (ماریا بیتل)ی رۆماننووسی ژاپۆنی (کۆتارو ئیزاکا) وەرگیراوە و، باس لە پێنج رێگر و تاوانبارێك دەکەن کە گەشتێك بە شەمەندەفەری شینکانسنی خێرای ژاپۆنی ئەنجام دەدەن، ئەم تاوانبارانە بە رێکەوت خۆیان لەسەر شەمەندەفەرێکی خێرادا دەبیننەوە، کە لە تۆکیۆوە روو لە مۆریۆکا دەکات و، لە رێگادا چەند جارێك رادەوەستێت و هەریەکیان ئەرکێکی تایبەت و جیای هەیە کە ئەنجامی دەدات، لە هەمان کاتدا چارەنووسیشیان دیار نییە.

سەرەڕای ئەوەی براد بێت و ساندرا پۆلۆك لە ئەستێرە هەرە بەناوبانگەکانی هۆلیۆدن، بەڵام ئەمە یەکەم جارە لە کارێکی هاوبەشدا لە پاڵ ژمارەیەك ئەستێرەی دیکە دەردەکەون.

رێکخەری جوڵەکان گریگ ریمینز رایگەیاند کە براد (٩٠٪)ی جوڵە توندوتیژ و کوشتارەکانی ئەنجام داوە، هەروەها گشت ئەستێرەکانی دیکەش رۆڵەکانی خۆیان زۆر بە باشی و سەرکەوتوویی ئەنجام داوە، کۆمپانیای سۆنی کە بەرهەمهێنەری فیلمەکەیە رۆژی ٢٠٢٢/٤/٢٢ی دیاری کردووە بۆ نمایشکردنی فیلمەکە.

جێگای وەبیرهێناوەیە هەر یەکە لە ساندرا پۆلۆك و براد بێت پێشتر خەڵاتی ئۆسکاریان بەدەستهێناوە.

سەرچاوە: https://middle-east-online.
/com

# ـوانیی کاترین زیتا جۆنز

بەم دواییانە لەگەڵ مایکڵ دۆگلاسی هاوسەری گەشتێکیان بە کەشتییەکی گەورە ئەنجامدا و، بەم بۆنەیەوە ژمارەیەك گرتەی ڤیدیۆیی و وێنەی نوێی بلاوکردەوە، بەتایبەتی کاتێك سەرقاڵی ئەنجامدانی مەشقی وەرزشی بووە، لە وێنەکاندا دیار بوو کە کاسرین تا ئێستا جوانییەکەی لە دەست نەداوە و،خاوەن لەشولارێکی جوان و سەرنجڕاکێشە، بۆیە دوای بڵاوکردنەوەیان، بەشێکی زۆر لە هەوادارانی، پرسیاری ئەوەیان ئاڕاستە کردبوو کە هۆکاری مانەوەی بە جوانی بۆ چی دەگەڕێتەوە؟، لە وەڵامی ئەم پرسیارانەدا کاسرین نووسیبووی: «زۆر کار هەن کە زەحمەت نین و هەموو ئافرەتێك دەتوانێت بە ئاسانی ئەنجامیان بدات، کە رۆڵیان لە پاراستنی گەنجی و مانەوە بە جوانی و زوو پیر نەبوون هەیە، لەوانە ئەنجامدانی مەشقی وەرزشی بەشێوەیەکی بەردەوام، بەتایبەتی مەلەوانی، خواردنەوەی ئاوە و رێکخستنی خۆراك، پاك و خاوێنی و هەروەها رێکخستنی کاتەکانی خەوتن.

سەرچاوە www.elfann.com/news



حەسنا لەعکوبی بۆ گوڵان:

# هونەر سەنگ و بەهای جارانی نەماوە

حەسنا کچێکی مەغریبیی خاوەن زیاتر لە بەهرەیەکە لە نێوان کاری میدیایی و مۆدێل و، ئێستاش ڕووی لە بواری نواندن کردووە، سەرەڕای ئاستی پێشکەوتوویی هونەر لە وڵاتی مەغریب، بەڵام بەردەوام ڕوو لە دوبەی و قاهیرە دەکات و، پێیوایە لەو دوو شوێنە زیاتر سەرکەوتوو دەبێت، لە ئێستادا خۆی ئامادە دەکات بۆ بەشداریکردن لە فیلمێك بە ناوی (لعبة الشياطين)، ئەم خانمە هونەرمەندە یەکێکە لەو کچانەی کە زۆر بەجددی هەنگاو دەنێ بۆ ئەوەی لە بواری هونەریدا بە ئامانجەکانی بگات، دەربارەی کارەکانی ڕابردووی و جیاوازیی نێوان مۆدێل و ئەکتەر و چەند پرسێکی دیکە دەڵێت: «هەر لە منداڵییەوە خولیای هونەر بووم، سەرەتا زۆر کەس هانیاندام بۆ ئەوەی ڕوو لە بواری جلوبەرگ و مۆدێل بکەم، چونکە پێیان وابوو ڕوخسار و باڵام زیاتر بۆ ئەو بوارە گونجاوە، ئێستاش مۆدێل بەشێکی سەرەکییە لە ژیانم و، لە چەندین نمایشی عەرەبی و جیهانی بەشداریم کردووە».

سەبارەت بەو سەردانەی کە بڕیار بوو بیکات بۆ هەرێمی کوردستان حەسنا دەڵێت: «سەرەتای ساڵی ٢٠١٩ لە یەکێک لە کەناڵ تەلەفزیۆنییەکان، وەك پێشکەشکاری بەرنامەیەکی تایبەت بە جلوبەرگ و کەلوتووری میللەتان بە نیاز بووم سەردانی هەرێمی کوردستان بکەم، خۆیشم بە تەواوی بۆ ئەو سەردانە ئامادە کردبوو، زۆر زانیاریم دەبارەی جلوبەرگی ئافرەتانی کورد دەستکەوتبوو، تەنانەت بەشێك لەو شوێنانەشم دیاری کردبوو بۆ ئەوەی سەردانیان بکەم، بەڵام لە کۆتاییدا بەڕێوەبەرایەتی کەناڵەکە بەرنامەکەی ڕاگرت. من زۆر تامەزرۆی ئەم سەردانە بووم، چونکە یەکێك لە ئاواتەکانم ئەوەیە شارەزای کولتوور و خواردنی گەلان بم، بەتایبەتی گەلی کورد، هاوڕێی کوردم هەیە و بەردەوام زانیاریم پێ دەدەن دەربارەی کولتووری نەتەوەکەیان».

سەبارەت بە جوانی بۆ سەرکەوتنی ئافرەت لە بواری هونەریدا بەگشتی، حەسنا دەڵێت: «من سەبارەت بە خۆم قسە دەکەم، ئەوەی زیاتر دەرفەتی بۆ من ڕەخساندووە لە بواری نواندن و نمایشکاری جلوبەرگدا کار بکەم زیاتر ڕوخسار و شێوەمە، چونکە ڕوخسار بەشێکی سەرەکییە و پێویستی بە کەسێکە کە لەشی زیاد و کەم نەبێت، و اتە پڕ بێت، منیش باڵا و بەژنم یارمەتیم دەدەن کە لە بواری مۆدێل و ڕیکلامدا کار بکەم، ئەمەش کارێکی ئاساییە و یارمەتیی ئەکتەر دەدات، بۆ ئەوەی ناوبانگی زیاتربێت و دەرکەوێت، ڕەنگە لە نواندندا بە تەواوی ئەمە ڕاست نەبێت و بە گوێرەی ئەو ڕۆڵەی بە ئەکتەر دەدرێت بگۆڕێت».

سەبارەت بە بەهرە و جوانیش حەسنا گوتی: «من پشتم بە توانا و بەهرەی خۆم بەستووە، چونکە پێویستە بەهرەی هونەریت هەبێت، تا بتوانیت بوونی خۆت بسەلمێنیت، من تا ئێستا دەرفەتی زۆرم بۆ نەڕەخساوە، تا بتوانم هەموو توانا و بەهرەکانی خۆمی تێدا دەربخەم، یان فیلمێکم پێشکەش کرابێت کە بە تەواوی لێی ڕازی بم، هیوادارم لە داهاتوویەکی نزیکدا ئەو دەرفەتەم بۆ بڕەخسێت».

سەبارەت بەوەی کە ئایا خۆی لە کام بواردا سەرکەوتووتر دەبینێت، حەسنا دەڵێت: «نواندن لای من هەر لە منداڵییەوە وەك بەهرەیەك بوو، هەروەها خۆشەویستییشم بۆ نواندن هەبوو، لەبەر ئەوە پەیوەندیم بە پەیمانگەوە کرد و بۆ ماوەی حەوت ساڵ لە بواری شانۆی درامیدا خوێندم، بۆیە زیاتر حەز لە بواری نواندن و شانۆ دەکەم، بەڵام بەداخەوە تا ئێستا لە وڵاتانی عەرەبی ئەو دەرفەتەم بۆ نەڕەخساوە کە من شایەنیم، واتە مافی خۆم پێ نەدراوە، ئەو دەرفەتەی خەونی پێوە دەبینم تا ئێستا، بۆم نەهاتۆتەدی، سەرەڕای ئەمەش حەز دەکەم لە ڕیکلامەکاندا نواندن بکەم، بۆ ئەوەی زیاتر بناسرێم و هەوڵ بدەم تواناکانم پێش بخەم و بگەمە ئەو ئاستەی کە خۆم دەمەوێت پێی بگەم».

سەبارەت بەو گەنجانەی ڕوو لە بواری هونەری دەکەن، حەسنا پێیوایە پێویستە دەستبەرداری خەونەکانیان نەبن، بۆ ئەوەی پێی بگەن، پێویستە هەوڵ بدەن و ئارام بن بۆ گەیشتن بە خەونەکانیان سەرەڕای سەختی بارودۆخی ژیان، بەتایبەتی لە ڕۆژگاری ئێستادا کە هیچ شتێك لە شوێنی خۆی نەماوە و، سرووشتی نییە و ئاستی هونەر بە گشتی لە دابەزیندایە و هونەر سەنگ و بەهای جارانی نەماوە».



سەبارەت ئاستی ئێستای هونەر و کاریگەریی دراما بیانییەکان لەسەر جەماوەر حەسنا بۆچوونێکی جیاوازی هەیە و دەڵێت: «جەماوەری و لاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بە گشتی حەز لە کار و هونەرمەندی گەنج دەکەن، بەڵام گرفتەکەیان ئەوەیە کە دەرفەتی زۆر بە ئەکتەرە گەنجەکان نادەن، بۆیە دەبینین کە دراما تورکییەکان گشت کەناڵەکانیان داگیرکردووە، بەتایبەتی کەناڵە عەرەبییەکان، چونکە جەماوەری وڵاتانی عەرەبی حەز دەکەن دەموچاوی نوێ ببینن، کە چاویان پێیان نەکەوتبێت، بۆیە پێویستە کەناڵە عەرەبییەکان دەرفەت بە گەنجان بدەن، لە هەمان کاتدا وەك دراما تورکییەکان دیمەنی جوانی شوێنەکانیش زیاتر نمایش بکەن».

لە کۆتاییشدا حەسنا ئەوەی ڕاگەیاند کە پاڵێوراوە بۆ فیلمێك بە ناوی (لعبة الشیاطین)، و ڕۆڵی سەرەکیی تێدا دەبینێت، ئەم فیلمە باس لە ڕووداوێکی ڕاستەقینە دەکات، بەم زووانە دەست بە وێنەگرتنی دەکرێت و دەڵێت لە داهاتوودا زانیاریی تەواوتان پێ دەدەم لەسەر فیلمەکە و دەرهێنەر و ئەو ئەکتەرانەی کە تێیدا بەشدارن.

